ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال ئەنفال

پێشمەرگە دا. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوایی، "بەرگەڵوو" ش کەوتە دەستی هێزەکانی عێراقەوە. بەوەش سەددام حسێن بەڵێنی خۆی بردەسەر کە گوتبووی: "سەری مارەکە دەبێ پان بکرێتەوە!". دوای گیرانی بنکە و بارەگەکانی سەرکردەیەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سوپای عێراق لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا، مزگێنی سەرکەوتنەکانی بلاوکردەوە...

قەلای دهۆک و زیندانی ژنان لە "سەلامیە"

قەلاکەی دهۆک دەکەوێتە تەنیشت ڕێگەکەی "بژارکێ" لە ڕۆژهەلاتی دەرەوەی پێتەختی پارێزگەکەوە. بینایەکی گەورەی کۆنکرێتە کە بە نەخشەی سۆڤێتی لە سالەکانی ١٩٧٠ دا دروستکراوە و، چەکی دژە فڕۆکەی لەسەر دانراوە. لەکاتی کۆکردنەوە و ڕاپێچکردنەکاندا، نێزیک بە ١٣٣٩٥ (سیانزە هەزار و سێ سەت و نەوەت و پێنج) کەس لە شوێنی ژیانی خۆیانەوە بە ئۆتۆمۆبیلی ئیڤای سەربازیی گوێزرابوونەوە بۆ قەلای دهۆک. بەشێک لە دیلە نێرینەکانی بەشی باشووری بادینان، بڕان بۆ مووسڵ، بەڵام ئەوەی ئاشکرابێت، کەسێک لەو دیلانەی مووسڵ بە زیندوویی نەگەڕایەوە تا بە چارەنووسی ئەوانی دیکەیان بزانرێ. زۆربەی زیندانییەکانی نێو قەلاکە، لە نهۆمی دووەم ڕاگیرابوون. لەبەر قەرەباڵغی و کەمبوونی جێگە، لەنێو ڕێڕەوەکان بەسەر یەکدیدا کەوتبوون. لە دهۆک لەنێوان دوو بۆ پێنج ڕۆژ مانەوە. هەرچەندە هەندێ خەڵکی بەتەمەن بۆ ماوەیەکی زۆرتر - ئەوەندەی دوو هەفتە گلدرانەوە. لە شەوی یەکەمدا، هەندێ لە ژنەکان، لە حەوشەی قەلاکەدا، لەنێو ئۆتۆمۆبیلەکاندا هێشتنیانەوە. لە تۆپزاواش هەروابوو. لەگەڵ گەیشتنی دیلەکان بۆ نێو حەوشەی قەلا، یەکسەر ئەو پیاو و لاوانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٦ سالەوە بوو، دەکرانە لایەکەوە و، ژنان و منداڵ و پیاوی پیر و بەسالاچوویان جیادەکردەوە. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، بەڵام بەکرێگیراوانی "ئەمن"، تێکڕای کارەکانیان بە شریتی ڤیدیۆ تۆماردەکرد.

سەرەتا لاوەکان و ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە ژێر شەست سالەوە بوو، لە پیرەکان جیادەکردەوە، ئەوجا بەکرێگیراوانی ئەمن و سەربازەکان لێیان نێزیک دەبوونەوە و بە مشت و شەق و قامچی و دار و زلله بەردەبوونە لێدانیان. بە شەمچە (شقارتە) و ئاگر، ریش و سمێڵی دیلەکانیان دەسووتاند و، بەدەنگی بەرز پێدەکەنین و گاڵتەیان دەکردپێیان. ژن و منداڵ و دایکەکانیان بەدیتنی ئەودیمەنە درندانەیە، دەیانزریکاند و دەیانقیژاند و دەپارانەوە و ڕوومەتی خۆیان دەڕنی. منداڵەکان هەوڵیانداوە بۆلای باوک و براکانیان بچن، بەڵام سەربازەکان بە شەق و زلله دووریان دەخستنەوە. "ئیرام" کە ژنێکی لاوی خەڵکی گوندی "گزە" بوو، کاتێ شووبراکەی بینیبوو سەربازەکان لێیدەدەن و هەموو گیانیان شەلالی خوێن کردووە، دەچێتەپێشەوە و لێیان دەپارێتەوە و دەڵێ پێیان: "بۆ خاتری خودێ و پێغەمبەر، وازیێنن لێی، با بچێ لەوسەری حەوشەکەوە برین و خوێنی لەشی پاک بکاتەوە!". سەربازەکانیش گاڵتەدەکەن پێی و لەوەڵامیدا دەڵێن: "کوا ئێوە خوا و پێغەمبەرتان هەیە!؟"

کاتێ پرۆسەی تۆمارکردن تەواو بوو، دیلەکان بەسەر زنزانەی هاوبەشی بۆگەندا بلاوکرانەوە کە پڕبوو لە گوو و میزی مرۆڤ. بۆگەنی ڕێڕەو و ژوورەکان لەرادەبەدەر زۆربوو. ژنێکی بەتەمەن گێڕایەوە: "وەک ئەوە وابوو لەنێو ئاودەستدا بژین". هەزاران کەس لەنێو قەلاکەدا بوون. لاوەکان و پیاوەکان لە زنزاکانی خوارەوە درابوون بەسەر یەکدا و، ژنەکان و منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەنیش لە نهۆمی سەرەوە بوون. هەموو ڕۆژێک بە سەتان کەسی تازەیان دەهێنا. دیلەکان هەموویان خەڵکی هۆز و عەشیرەتە سەرەکییەکانی بادینان بوون، وەک: دۆسکی، سندی، ڕێکان، بەرواری، سلێڤان و ...

چەند سەت کەس لە دیلەکان، کوردی خەڵکی گوندەکانی ئێزیدی و هەروەها ئاشوورییەکان بوون و بە دیوارێکی دابڕکەر، لە دیلە موسڵمانەکان جیاکرابوونەوە...

دامەزراندنی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستان،
تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونی کوردە، لە جینۆساید و مااڵوێرانی و کوێلەتی!